# ياداشتي هةلَؤيةك لةسةردةمي مةردي و جةسارةتدا ... خالَة حةمة

ئێواره بوو، خۆر بەسەرلوتکەی چیابەرزەکەی ئەوبەر ئاواییەوە سەرقاڵی ئاوابوون بوو لەدەست ئەوزۆردارانەی کەلەدوانزە کاتژمێری ئەورۆژەیدا دەستیان بەخوێنی لاوەکانی ئاوایی و نیشتمانی داگیرکراوی کورد سوروخوێناوی بوو، حەمە بە تەنیا لەپاڵ گابەردێکدا کەهێشتا گەردوون تلی پێ نەدابوو هەڵتروشکابوو سەرەماندوەکەی بەئەژنۆیەوە نوساندبوو، بیری لەرۆژگاری بەسەرچویی کورێنی خۆی ئەکردەوەو جارجارەش ئاخێکی ساردی بۆهەڵدەکێشا کەکسپەی هەناوێکی سووتاوی پێوە بوو، بەڵام هەرتوندوتۆڵ بوو خۆی نەدەدا بەدەست ئەوخەیاڵانەوە کەوورەی بپسێنێ و خۆرلەگەڵ ئاوابوونی خۆییدا ووردوخاشیان بکات و چۆکی پێ دابدات کە هەرگیز بە بیریا نەدەهات رۆژێ دابێت لەخەباتی سەرتاسەری و هەڵکردنی ئاڵای کورد دوای بخات....
گرمەیەك دووان، سییان، وەك باران بەتۆپە دوورهاوێژەکان ناوئاواییان تۆپباران کرد، ئاگریان لەماڵان بەردا، ئەمیش وەك هەڵۆیەك بەرەو ناو ئاوایی باڵیگرت بێ ئەوەی سڵ لەچاڵ وچویلکی سەرەرێگاو سەربەرەوخوارەو هەڵاوتن بکاتەوە..بەدەم رێگاوە ئەیووت خوداوەند تاکەی تۆ لە کونجی غەفڵەتا ئێمە بەم دەردە دەبەیت بەدەست کورە ئەسحابەکانتەوە..خودایە ئەمەیە رێگەی
بەهەشتەبەرینەکەت..خودایە ئەمەیە مژدەی(شەرابەن تەهورەکەت)..خودایە چەند سەدەیە بە بەرچاوی تۆوە دۆزەخی ژیانمان بۆدادەخەن و دەریای بەزەیی تۆش شەپۆلێ نادات..چەند سەدەیە بە بەرچاوانی تۆوە زەقنەبوتمان دەرخوار ئەدەن و تۆش لەبەزەییت بەشمان نادەیت..خودایەئەمەیە پاداشتی یەکەم پەیامبەرێ کەتۆی ناسی و ئاشکرای کردی و خوداکانی سەرزەوی ترۆکرد..ئەمەیە پاداشتی نەتەوەیەك کە نووری پیرۆزتی لە پیسی پاراست و ژیانی تاریك و نووتەکی مرۆڤی پرکرد لەعەشق و خۆشەویستی و یەکەمماڵی بۆتۆ پەرستی دروستکرد، ئە، ئێ..
کاتێ گەییشتە بەرماڵەوە ماڵەکەی ئەسوتاو خێزانەکەی لەخوێناوی خۆیدا تلی ئەداو کۆرپە ساواکەشی کلۆیەك خەڵوزی کوژاوەبوو لەسەر خۆڵەمێشی کەلوپەل و بێشکەکەی خۆی.........
ئەمەیە پاشەرۆژی میللەتی ژێردەستە خۆت لەژێردەستەیی رزگاربکە باکارەسات ونەهامەتیەکان
خاك و خەڵکت بەیەکەوە نەسوتێنێت..بابەس کڵاوت لەسەر بنێن و لەسایەی بێ خەمی خۆتا هەناسەیسارد هەڵبکێشیت و دوژمنانیشت خەریکی دانانی پیلانی نوێ بن بۆ لەناوبردنت..
لە رۆژانی مەردی و جەسارەتدا خۆی بۆیگێرامەوەو منیش بەتۆی رادەگەیینم تا هەموومان بەرپرسیاربین لەسبەینێ و چیتر بەیەکەوە ژیان لەگەڵ جەللادەکانمدا نەبێتە پەیرەووپرۆگرام. بالەدڵیشتا نەبێت بەگرێ و پرسیار لەو کەسەبکەیت..ئەو پێشمەرگەبوو داخەکەم شەهیدبوو!!!!
خاڵەحەمە/دانمارك/ڤالبی 2005/5/7